سانا ساڵح ڕاهێنەری لەشجوانی:

# لە چاو ساڵانی پێشوو گەنج و پیر بە شێوەیەکی باش ڕوویان لەم وەرزشە کردووە

**یاریی لەشجوانی و هێزی لەش بۆ ئافرەتانی کوردستان تا ڕادەیەك یارییەکی تازەیە، بەڵام ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم یارییە بکەن، بەرپرسانی وەرزشیی ئەم یارییەش هەوڵ بۆ هێنانە پێشەوە و دروستکردنی پاڵەوانی ئافرەت دەدەن، لە ماوەی ڕابردووش پاڵەوانێتی هێزی لەش بۆ خانمان ڕێکخرا، لەم پاڵەوانێتییەش چەندین کچە یاریزانی وەرزشکاری ئەم یارییە بەشدارییان کردو کێبڕکێی ئەنجامی باشیان دەکرد، یەکێك لەو کچە یاریزانانەش (سانا ساڵح) بوو. ئەو یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی قەزای سەیدسادقە لە دەڤەری شارەزوور و ماوەی چەند ساڵێکە وەکو ڕاهێنەر و یاریزانی هەردوو یاریی لەشجوانی و هێزی لەش دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

- ئامانجی مـن لـە هەڵبژاردنـی ئـەم وەرزشـە، تەنیا لەشێکی جوان و تەندروست بـووە کـە بـە شـێوازێکی زانستی بتوانم کاری بۆ بکەم.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-گەیشتن بە هەر ئامانجێکی گەورە، بێگومان سەختی و نارەحەتیی دەوێ، راستە وەرزشەکەم قورسە و ماندووم دەکات، بـەڵام شـرینیی ئـەو ماندووبونـە کاتـێ دەبینـم پۆشاکێك لەبـەر دەکـەم جوانـە لێـم، یـان دەست دەدەمـە شتێك قـورس نییـە لـە لام، ئـەوەش دڵخۆشـم دەکات.

*** لـە یـەك کاتدا دوو وەرزش ئەنجام دەدەیت، هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لەکامەیـان زیاتـر سـەرکەوتوو بـووی؟**

- مـن سـەرەتا بۆ بـوون بـە خانمێکی بۆدی بویلدەر دەستم دایـە ئـەم یارییـە، بـەڵام لـەم چەند مانگەی پێشوودا بیرم کـردەوە، گـەر بمەوێـت بیمـە ئـەستێرە و کچانێك بێنمـە ناو ئـەم یارییـە، دەبێ پاڵەوانێتی هەبێت، بـەڵام بەهـۆی کولتـوور و ئایینـی ئێمـەوە کـە رێگا بـەوە نـادات ئافرەت عـەرزی خـۆی بـکات و بچێتـە پاڵەوانێتیـی لەشجوانی (بـۆدی بویلدینـگ) بۆیـە لـە هەمـان کات بڕیـارم دا وەرزشیی قورساییش بکـەم. دەتوانم بڵێم لە هەردووکیان سەرکەوتووم، چونکە قوەتێکی ناوەکی لە خۆمدا بـەدی دەکـەم.

***هەست ناکـەی لـە کوردسـتان ئـەم یارییـە لـە ئاستی کچاندا بـە شـێوەیەکی بـاش پێشـوازی لـێ نەکراوە؟**

- بەڵـێ راسـتە، بەداخـەوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و سۆشیال میدیا کۆمەڵێ ئافرەتی بیانی دەبینین خاوەن لەشێکی شێوە پیاویـان هەیـە، کچان کـە زانیارییـان نییـە، وادەزانـن بـە یاری ئاسن وای لـێ دێت، نازانن هۆکاری ئـەو جـۆرە لەشانە تەنیا هۆرمۆنی تیستێرۆن و دەرزییـە.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-سـوپاس بۆخـودای گـەورە لـەم سـاڵانەی دواییـدا چ لـە ئاسـتی پیـاوان، چ لـە ئاسـتی ئافرەتـان بەگشـتی پێشـوازییەکی زۆری لێکـراوە، مـن وەك راهێنـەر دەتوانـم بڵێم لـە چاو ساڵانی پێشوو گەنج و پیر بـە شـێوەیەکی بـاش روویـان لـەم وەرزشـە کـردووە.

*** پێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت؟**

-پێویسـتە لـە رێگـەی رێکخسـتنی کـۆڕ و سـیمینارەوە هەندێك شت لای خانمان روون بکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی نەترسـن لـەم وەرزشـە، لەسـەر راهێنەرانیـش پێویسـتە کـە توانـای کەسـانی پێشـکەوتووی ئـەم بـوارە دەربخـەن، تـا کچان چاویان لـێ بکـەن و روو بکەنـە ئـەم وەرزشـە پیـرۆزە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- ئـەگـەر خـوای گـەورە هـاوکار بێـت، لـە داهاتـوودا دەمـەوێ لـە رووی داراییـەوە هاوکاریـی کچـان و وەرزشـکاران بکـەم و وەرزش بـەرەو پێش ببـەم و لـە لای خۆمـەوە کـۆڕ و سـیمینار بـۆ هۆشـیارکردنەوەی تـاك لـە وەرزشـکردن ئـەنجام بـدەم.

***بەنیـازی لـە چەنـد پاڵەوانێتییـەك بەشـداری بکـەی، ئایا چاوت لـە چییـە؟**

- بەنیـازم لـە پاڵەوانێتـی عێـراق و پاڵەوانێتییـە نێودەوڵەتییـەکان وەکـو هێـزی لـەش بەشـداری بکـەم و ئەنجامـی گـەورە بەدەسـت بهێنـم.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- تەنیـا بەهەڵـە تێگەیشـتنی هەندێـك کەسـە، ئەگەرنـا هیـچ گرفتێکـی ئەوتـۆی نییـە.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی وەرزشیی مـن ئەوەیـە کـە لـە کوردستان و عێراق وەك دادوەری لەشـجوانی کوڕانیـش کاربکـەم و ببمـە راهێنەرێکـی سـەرکەوتووی کـوڕان و کچـان.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارت بوون؟**

-خانـەوادەی مـن سـەرەتا رازی نەبـوون، بەتایبـەت هاوسـەرم، بـەڵام توانیـم بـە لێهاتوویـی خـۆم متمانـەی بەدەسـتبهێنم، ئێسـتا شـانازیم پێـوە دەکات و یەکێکـە لـە یاریزانـە کوڕەکانـم کـە تـا ئێسـتا بـە کۆرسـی مـن یـاری دەکات.

***وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە دەڤەری شارەزوور دروست بکەیت؟**

-نیـازی ئـەوەم هەیـە بـە نـاوی قـەزای سـەید سادق تیپێك دروست بکەم و لە هێزی لەش بەشداری پاڵەوانێتییـەکان بکەین.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-هیـچ شـتێك قـورس نییـە مـرۆڤ دەتوانـێ ئـەوەی بیـەوێت بەدەسـتی بێنێت، راستە ماندوو دەبێ، بەربەست دێتـە رێـی، قسـە دەکـرێ، بـەڵام شـیرینییەکەی ئـەو کات دەبینـێ کـە بـە خەونەکانـی گەیشـتووە، لـە هـەر بوارێك هـەوڵ بدەیـت سـەرکەوتوو دەبیـت. سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بـۆ ئـەو خزمەتـەی بـە وەرزشـکارانی شـارەکانی دەکات.



# تۆتی دەگەڕێتەوە یاریکردن

ئۆفەری یانەیەکی ئینگلیزی خەریکە تۆتی لە بڕیاری وازهێنان لە یاریکردن پەشیمان بکاتەوە

فرانشیسکۆ تۆتی دەرفەتێکی بۆ دروستبووە تاوەکو لە بڕیاری وازهێنان لە یاری تۆپی پێ پەشیمان ببێتەوە بۆ درێژەدان بە وێستگەی ژیانی وەرزشی، دوای ئەوەی لە لایەن یانەیەکی ئینگلیزی داوای لێکراوە یاری بکات.

ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی لە چەند سەرچاوەیەکی ئیتاڵییەوە زانیاری بەدەست گەیشتووە، کە یانەی لیدز یۆنایتدی ئینگلیزی داوای لە تۆتی تەمەن ٤٢ ساڵ کردووە لە ریزەکانی یانەی لیدز درێژە بە یاریکردن بدات.

دوو ساڵ لەمەوبەر و لە تەمەنی ٤٠ ساڵی تۆتی بە یەکجاری ماڵئاوایی لە یاریگاکان کرد و ڕاستەوخۆ پۆستی بەڕێوەبەری تۆپی پێی یانەی ڕۆمای لەئەستۆ گرت.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن ئەندریا رادریزانی ئیتاڵی سەرۆکی یانەی لیدز یونایتد ڕاستەوخۆ داوای لە تۆتی کردووە، کە لە بڕیاری وازهێنانی لە یاری تۆپی پێ پاشگەز ببیتەوە و جارێکی دیکە دەست بە یاریکردن بکاتەوە، بەڵام ئەم جارە لە یاریگاکانی ئینگلتەرا.

لە لایەکی دیکەوە تۆتۆ میرکاتۆ بڵاویکردەوە مارکۆ بۆرییلۆ یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، کە ئێستا لەگەڵ تۆتی پێکەوە پشووی هاوینە بەسەر دەبەن گوتی: ئاگادارم یانەیەکی ئینگلیزیی پەیوەندییان بە تۆتی کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی سەرۆکی یانەی لیدز داوای لە تۆتی کردبێت دەست بە یاریکردن بکاتەوە بۆ ئەوەیان هیچ زانیارییەکم نییە.

تۆڕی هەواڵی فۆکس ئیتاڵیا ڕایگەیاند: مەبەستی ئەو یانەیەی، کە بۆرییلۆ دەڵیت پەیوەندییان بە تۆتییەوە کردووە، یانەی لیدز بووە، هەر هەمان یانە دوو ڕۆژ لەمەوبەر گرێبەستیان پێشکەشی جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی پاریس سانت جیرمان کرد تا پەیوەندیی بەو یانە ئینگلیزییەوە بکات بۆ وەرزی داهاتوو لە خولی پلەیەکی ئینگلیزی گۆڵپارێزی یانەی لیدز بێت.



# ڕیال هەوڵی فرۆشتنی بێل دەدات بە هەر نرخێک بێت

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ڕیال مەدرید ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی گاریس بەیل بفرۆشێت لەم پێناوەشدا داشکاندنی بۆ نرخەکەی کردووە.

ڕۆژنامەی ABCی ئیسپانیا بڵاویکردووە، کە ڕیال مەدرید ئامادەیە بە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری گاریس بەیل بێت داشکاندنی ئەم نرخەش بێڵی تووشی شۆك کردووە.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە تا گاریس بەیل نەڕوات، ڕیال مەدرید ناتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ هیچ یاریزانێکی ئەستێرە بکات بەتایبەتی کلیان مباپێ، چونکە ئەو یاریزانە لە دوای ڕامۆس خاوەنی زۆرترین مووچەیە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، جۆناتان بارنێت بەڕێوەبەری کارەکانی گاریس بەیل بەخێرایی هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی یانەیەك لە خولی ئینگلیزی چڕ کردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ یانەکانی مانچستەر یۆنایتد و تۆتنهام چۆتە سەرهێڵ.

جۆناتان بارنێت لە ماوەکانی رابردوو لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بوو، کە مانچستەر یۆنایتد نزیکترین یانەیە لە گاریس بەیل، بەڵام ئەو یاریزانە ئارەزووی مانەوە لە رال مەدرید دەکات.

بە گوێرەی سەرچاوەکە، گاریس بەیل و بەڕێوەبەری کارەکانی لە ئێستادا هیچ هیوایەکیان بۆ بەردەوامی لە ڕیال مەدرید نەماوە و لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دەبێت ڕۆیشتنتیان لە مەدرید ڕابگەیەنن.



# کۆتینهۆ ستایشی مێسی دەکات

فلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، رایگەیاند، زۆر دڵخۆشە بە ئاستی هەڵبژاردەکەی هاوکات راشیگەیاند لە رێگەی وەتس ئاپ پیرۆزبایی رۆژی لە دایك بوونی مێسی کردووە و دەشڵێت ئەگەر گریزمان بێتە بەرشلۆنە زۆر دڵخۆش دەبێت.

کۆتینهۆ ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل دەڵێت: یاریمان لە قۆناخی کۆمەڵەکان لە بەرانبەر پیرۆ، ئەو یاریکردنە بوو، کە بە تەواوی ئیمە دەمانویست ئاستیکی زۆر نایابمان پێشکەش کرد و هیودارم بەمشێوەیە تا کۆتایی بەردەوام بین هەرچەندە لە یاری یەکەم و دووەم خراپ نەبووین، بەڵام دواین یاریمان نیشانەی بەهێزیمان بوو، پێموایە هەموو کەسێك دەزانێت، کە ئەوە ئاستی راستەقینەی بەرازیل بوو.

کۆتینهۆ گوتیشی: دەربارەی مێسی دەمەوێت بڵێم، بەڵێ من لە ریگەی وەتس ئاپ پیرۆزبایی رۆژی لە دایکبوونم لە مێسی کرد، ئیمە گرووپمان هەیە بەیەکەوە قسە دەکەین، مێسی یاریزانێکی نایاب و خاوەن رەوشتیکی زۆر بەرزە ئەو کەسێکی زۆر سادەیە، لە راستیدا لە یاریگە زۆر یارمەتی من دەدات.

کۆتینهۆ زیاتر دەڵێت: دەربارەی ئانتوان گریزمان و پەیوەندی کردنی بە بەرشلۆنە ئەگەر ئەوە رووبدات زۆر نایاب دەبێت هەمووکات یاریکردن لەگەڵ یاریزانیکی وەکو گریزمان و هاوشێوەکانی زۆر خۆشە، بەڵام لە راستیدا نازانم کەی روودەدات و پێویستە چاوەڕێ بکەین.





# عەلی کاکەمینە لە چەندین یانە داوا کراوە

دوای ئەوەی وەرزی رابردوو عەلی کاکەمینە هێرشبەری یانەی وەرزشیی شێروانەی کەلار توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی گەرمیان پێشکەش بکات، ئەم وەرزەش نیازی رۆیشتنی هەیە لە یانەکەی و چەندین یانە داوای یاری کردنیان لێکردووە، بەڵام تاکو ئێستا خۆی یەك لای نەکردۆتەوە کە لە وەرزی نوێ یاری بۆ چ یانەیەك دەکات و درێسی کام یانە دەپۆشێت، لەم بارەشەوە عەلی کاکەمینە هێرشبەرە لاوەکەی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" بۆ خولی پلە یەکی عێراقی زۆر یانە پێیان گوتومە بۆ یاری کردن،بەڵام من حەزم بە راستگۆییە نەوەك هەر جارێك و قسەیەك بکەیت، لەگەڵ یانەی برایەتی هەموو شتێکم تەواو کرد، بەڵا دواتر قسەیان گۆڕی بۆ یانەی کەربەلا بەنیاز بووم گرێبەستیان لەگەڵ بکەم ئەوە بوو قسەیان گۆڕی بۆ گرێبەستەکەم گوتیان پارەکە بە دوو قیست دەدەین منیش متمانەم پێیان نەبوو،یانەی زاخۆش داوایان کرد ئەوانیش بەهەمان شێوە بۆیە بێزار بووم لە قسە گۆڕین، گوتیشی بەرنامەی من ئێستا ئەوەیە بۆ وەرزی نوێ یاری بۆ یانەیەکی تر دەکەم لە خولی کوردستان، ئێستا مۆڵەتی یاری کردنم ئازاد بووە لای خۆمە بۆ هەر یانەیەك یاری بکەم، گوتیشی من بۆ وەرزی نوێ بۆ یانەیەکی تر یاری دەکەم، ڕەنگە ڕێگریشم لێبکرێت، گوتیشی " چەندین یانەی کوردستان داوای یاری کردنیان لێم کردووە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی کۆتایم نەداوە لەسەر چارەنووسی خۆم جارێك چاوەڕوانم بزانم لەگەڵ چ تیپێك رێکدەکەوم.

# لاوانی هەولێر پاڵـــ

تیپی تۆپی پێی لاوانی یانەی وەرزشیی هەولێر لە کۆی ئەنجامدانی ١٢یاری لەم وەرزی خولی نایابی لاوانی یانەکانی کوردستان توانی ٢٦ خاڵ کۆبکاتەوە و نازناوی خولی لاوانی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، هەرچەندە یانەکانی سیروانی نوێ و نەورۆزی شاری سلێمانی تا دواین هەفتەکانی خولەکە لە کێبڕکێ بوون لەگەڵ لاوانی هەولێر لە سەر نازناوی خولەکە، ئەم وەرزەش خولەکە بە بەشداری ١٣یانەی شارەکانی کوردستان بە یەك قۆناخ بە شێوازی خول بەڕێوەچوو، یانەی هەولێر تاکە یانە بوو توانی هەشت سەرکەوتن لە خولەکە تۆماربکات، یانەکانی سیروان و نەورۆزیش پلەکانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا، یاریزان یاد عوسمان لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە کۆکردنەوەی ٩گۆڵ بووە گۆڵکاری خولەکە، هەریەك





# پێشمەرگەی هەولێر بەرنامەی تۆکمەی داناوە

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دوای ئەوەی ئەمساڵ بۆ کۆمەڵێك یاریزانی لاو و ئەستێرە توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بۆ وەرزی نوێش کارگێڕی یانەکە بەرنامەی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و بە گەورەیی هێشتنەوەی ناوی یانەکەیان، لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" بەرنامەی باشمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین پلانێکی تۆکمە دابنێین بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تاکو ئێستا بەفەرمی دەستمان بە هیچ کارێك نەکردووە لە هێنانی یاریزانان و ئەو ئامادەکارییانە، بەڵام وەکو کارگێڕی یانەکە بەرنامەی باشمان لە بەردەستە بۆ کارکردن لەسەری، بۆ ستافی ڕاهێنەرانیش تەواوی ستافی ڕاهێنەرانی یانەکەمان لەگەڵمان بەردەوام دەبن و سەرپەرشتی تیپەکە دەکەنەوە بۆ وەرزی داهاتووش، بەهەمان بەرنامە و ریتم کار دەکەین و یانەکانیش کێبڕکێ دەکەن و ئێمەش پلانی خۆمان هەیە و دەمانەوێ ساڵ بە ساڵ ئاستی باشتر و ئەنجامی باشتر بۆ یانەکەمان بەدەست بهێنین ئەوەی لە توانامان بێت بۆ خزمەت کردنی یانەکەمان درێخی ناکەین .

## ـــــــەوانی کوردستان بوون

لە یانەکانی ئارارات و دهۆکیش دابەزین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی لاوانی کوردستان،لەبارەی بەدەستهێنانی ئەم نازناوەش شوان ئەنوەر ڕاهێنەری لاوانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی" لەسەرەتا کە تیپەکەمان کۆکردەوە یەك دەستیمان دەستنیشان کردو ئامانجمان سەرکەوتن بوو بۆ نازناو، یارییەکانمان بە ڕێك و پێکی ئامادەکردووبوو لەگەڵ کاپتن سائیر تیپێکی زۆر باشمان دروست کردبوو، کێبڕکێ باشمان کرد لەگەڵ سەرجەم تیپەکان، ئێمە بەردەوام لە خزمەتی یانەی دایك بووین و سوپاسی کارگێڕی تیپەکە دەکەم و سەرپەرشتیاری تیپ زۆر نزیك بووە لێمان و هاوکاری باشی کردووین، هیوادارم یانەی هەولێر گرنگی بەم یاریزانە لاوانە بدات و یاریزانی زۆر باش و بەتوانان ئێستا دەتوانن بانگێشتی خولی عێراقیان بکەن و یارییان پێ بکەن.

